# حەکیم کاکەوەیس و مەسعوود محەمەد![1]

حەکیم کاکەوەیس، باخێک لە وشە، دەریایەک لە زانیاری، پیاوێکی بەتوانا و کەفائە، زمانزانێکی بەهێز، کوردی زانێکی نایاب، وەرگێڕێکی شارەزا و بە ئەزموون. یەکێک لە ڕۆشنبیرە گەورە و دیارەکانی کورد، خاوەن ٢٨ بەرهەمی بەپێز و ناوازەیە، بۆ وێنە: "نووسینی کتێبی تەونی جارجالۆکە، مەملەکەتی سەگەکان، سەگەکەشیان چوارەمیان بوو –دوا بەرهەمی بوو، لەدوای کۆچکردنی بڵاوکرایەوە-، نەتەوایەتی کورد و ئیسلامەتییەکەیی"، "تەرجەمەکردنی ١٩٨٤ی جۆرج ئۆرێڵ، کیمیاگەرەکەی پاولۆ کۆیلۆ، گورگی ڕووتەڵانی هیرمان هێسە، تاوان و سزای فیۆدۆر دۆستیۆڤیسکی، شاخەکانیش دەنگیان دایەوەی خالید حوسێنی، کۆلارەفڕێنی خالید حوسینی، هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەڵای مەسعوود محەمەد، بۆچوونێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژووی مەسعوود محەمەد، زمانی کوردی مەسعوود محەمەد، پەرەسترۆیکای گۆرباشۆفی مەسعوود محەمەد، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆچی بە شێتخانە دەچێ؟ی مەسعوود محەمەد، دۆن

---

(١) ئەم وتارە لە لاپەڕە ٩٩ تا ١٠٧ی کتێبی (حەکیم کاکەوەیس خۆری دەم کەل) بڵاوکراوەتەوە. بە سەرپەرشتیاری (زیرەک کەمال)، کە ساڵی ٢٠١٩ لە لایەن چاپخانەی ئازادی، چاپ کراوە.

تێبینی: ژمارەی لاپەڕەکانی ناو ئەو فایلە، بە هەمان شێوەی کتێبەکە دانراوە.

کیشۆت و کۆچ هەڵیبژاردم"، "پرسیارەکان هێشتا تینووی وەڵامن"، گفتوگۆیەکە لەلایەن هەڵۆ بەرزنجەییەوە لەگەڵی ئەنجام دراوە". ئەمانە و چەندین نووسین و تەرجەمەی دیکە، کە لە نێو کتێبخانەی کوریدا سەنگ و بەهای تایبەتییان هەیە.

سەرەتای ساڵی ٢٠١٣، ئاشنایەتی و دۆستایەتیم دەگەڵ مامۆستا کاکەوەیس پەیداکرد، ساڵی ٢٠١٤ و لەگەڵ کردنەوەی کتێبخانەی مەسعوود محەمەد لە کۆیە، پێوەندییەکەمان بەهێزتر و فراوانتر بوو، وەلێ نەخۆشی تەنگی پێهەڵچنیبوو، بە کەمی دەفەتی مانەوەی لە کوردستان-حەساری گەورە- هەبوو، زیاتر دەڕۆیشتەوە ئەورووپا و سەردانی دوکتۆرەکەی دەکردەوە، کورد وتەنی "دوو بنە بوو"، ئەگەرچی بنەی ئەورووپای بۆ نەخۆشی بوو. ساڵی ٢٠١٥ دەگەڵ مامۆستا حەکیم قسەمانکرد، بۆ ئەوەی ١ی نیسان ڕۆژیادی سێزدە ساڵەی کۆچی دوایی مەسعوود محەمەد لە زانکۆی کۆیە بکەینەوە و ئەو وەک مەسعوود محەمەدناسێک، کە تەواوی کتێبەکانی مەسعوود محەمەدی تەرجەمەکردووە -هەشت کتێبە- کارەکتەری سەرەکی قسەکردنی ڕۆژیادەکە بێ، وەلێ بەهۆی تێکچوونەوەی بارودۆخی تەندروستی نەیتوانی ئامادەبێ، تەنیا فاروق مەلا محەمەدی برای و خوسرەو جافی هاوڕێی و نەوزاد جەمالی توێژەر و لێکۆڵەری فەلسەفی لە یادەکە قسەیان کرد.

سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ کاکەوەیس قسەمان دەکرد، ئارەزووی یەکتر بینینمان زۆرتر بوو، لەسەر ئەوە

ڕێککەوتین ٢٤ی هەمان مانگ سەردانی گوندی حەساری گەورە بکەم لە نزیک کەرکووک، بەمەبەستی لە نزیکەوە بینین و بەوردی قسەکردن لەسەر چەند باسێک بەتایبەتی مەسعوود محەمەد.

ڕۆژی شەممە، لەسەر بەڵێنەکەی خۆمان لای کاتژمێر ١١ی نیوەڕۆ لە حەساری گەورە لای ئەو بووم، بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕ، لوتف خۆش و میوان دۆست، بەڕاستی پیاوێکی گەورە، جوان، لێهاتوو، بوێر، فەرهەنگێکی پڕ لە وشەی کوردی، هاوڕێیەکی دڵسۆز و خەمخۆر و هاوکار، مەشرەف خۆش بوو.

خەریک بوو وردە وردە سەری قسە و باسمان دەست بە قسە بکەین، لە پڕدا وتی: "منێکی نیشتەجێی ئەم دێیە، لە ساوەری کوردی و مریشکی کوردی چیدیکەم لە دەست نایەت!" با نان بخۆین، بەدەم نان خواردنەوە، کوڵی دڵی خۆی لەبەرانبەر ئەو هەموو خواردنە بازرگانییانە دەربڕی و وتی: "ئەگەر بازرگان لێمانگەڕێن خۆ بەڕێوە دەبەین، براکەم. بەڵام برنجی دەستکرد بازاڕی داگیر کردووە".

لەدوای نان خواردن، کاتمان بۆ ئاوەڵا بوو، بەدەم هاتوچۆ لەنێو کتێبخانە بچووکەکەی سەری قسە و باسمان کردەوە و زۆر باس و خواس و گفتوگۆمان لەمەڕ هەندێ بابەتی جیاواز کرد، بۆ نموونە: وتم مامۆستا حەکیم، بەباوەڕی تۆ، مەسعوود محەمەد لە بەرەوپێش چوونی ڕۆشنبیری هزریی کورد دەور و ڕۆڵی هەبوو؟ لە وەڵامدا، وتی: من ناڵێم بەرەوپێشچوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە کاریگەری لە سەر گۆڕین، یا ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی هزری ڕۆشنبیران هەبوو

و پـێم وایە لە ئێسـتا بەدواوە، کـاریگەری زیاتریشـی دەبـێ. ئەو گـرنگییەی ئەمـڕۆ خـوێنەوارانی کـورد، بە تـایبەتی گەنجەکـان بە بەرهەمەکانی مامۆستای دەدەن، مـایەی دڵخۆشـییە و نیشانەیەکیشـە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو قاڵببەندییەی کە دەیان ساڵە هـزری مرۆڤـی کـوردی لە نێـوان دوو جەمسـەری ڕاسـت و چەپـدا سـنووردار کردووە. ئەگەر مامۆستا مەسعوود محەمەد لە بواری فکردا هیچـی نەکردبێ، خوێنەران و هەوادارانـی بـواری فکری فێر کرد، نیشـانەی پرسـیار بـخەنە سـەر هەر بۆچـوون و تیـۆرییەکی فکـری، کە چارەنووس و بەڕێوەچوونی مرۆڤی پێوە بەندن. هەلاتنی ئەو خۆرە، لە شـەوەزەنگێکی ترسـناکدا بـوو و زۆریـنەی ڕۆشـنبیران، لە ڕووی فکرەوە نەک هەر لەگەڵیدا ناتەبا بوون، بگرە نەیاریشـی بوون. ئەو، لە سـەردەمێکدا بەرەنگـاری بیـری چەپـایەتی، بە تـایبەتی تەوەری سـۆڤیەت بـووەوە، هەر کەسـە و ڕاسـت دەبـووەوە بە ڕاسـت یـا ناڕاسـت، خـۆی پێـوە بـادەدا و بەرانگەربـوونەوەی ئەو ڕەوتە بـاوە، مرۆڤی بە تەنها دەهێشتەوە. بەڵام مامۆستا گـوێی بەوە نەدەدا ئـاخۆ ڕێژەی یاران و نەیارانی، چەنـدە و چـۆنە! مامۆسـتا، بۆ هەڵبـژاردەی دەنووسـی و نەیـارە فکرییەکـانی، ئەوەیـان بە خـاڵی نەرێنـی لە قەڵەم دەدا بـۆیە بە بـۆرژوا (کە زاراوەی نـابەجێی بـاوی) ئەو سـەردەمە بوو، تۆمەتبار دەکرا.

ئەو پێوانەکـاری بـۆ کـۆمەڵگەی کـورد دەکـرد و لەگەڵ ئەو کـۆمەڵگەیەدا بەراوردی دەکـرد کە چـاوگ و زێـدی ئەو بۆچـوون و تیۆرییە فکرییانە بوو. فکر، واتە لێکدانەوە نەک خۆگونجانـدن بە بێی

سروشت و کەشوهەوا، وەک هەر گیانەوەرێکی هاوبەشی مرۆ لە سەر گۆی زەوی پەیڕەوی دەکا، بۆیە دەمەتەقێ هەڵدەگرێ. ڕەنگە فەلسەفە هەبێ جلوبەرگی بیابان، بە پێی باوەڕێکی دیاریکراوەوە، بە بەری خەڵکی ئەسکیمۆ ببڕێ، وەک ڕێی تێدەچێ هەبێ جلوبەرگی ئەسکیمۆ بە بەری بیابانشین ببڕێ، بەڵام مامۆستا، بەر لەوەی بیر لە سەپاندنی باوەڕ و تیۆرییەکە بکاتەوە، بیری لە پێویستی کۆمەڵگە دەکردەوە بۆ تیۆرییەکە، خۆی. جارێکی تریش گوتوومە بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە، هەندێ نەریتی بیابانمان بە سەردا سەپاوە و بەختەوەرین کە ئاینی ئیسلام لە ئەسکیمۆ سەری هەڵنەدا، دەنا دەبوو پۆشاکی خەڵکی گەرمیان کەوڵی ورچ بێ!

مامۆستا، ژووری بێپەنجەرەی بیری کوردی کرد بە خاوەنی پەنجەرە تا چەند دەکرێ ئاسۆی بەرچاومان فرەوانتر بێ و جێی پێی خۆمان بزانین ئەوجا بەرەو جێی تر هەنگاو بنێین.

ڕەنگە ئەوەی من پێی دەڵێم بەرەوپێشچوون، خەڵک و لایەنی تر پێی بڵێن بەرەودواچوون، چونکە خەڵکی ڕۆژهەڵات (بە تایبەتی کورد) بە عەشقەوە ئامێز بە بیروباوەڕدا دەکەن و لە کەسێکی دیاریکراودا بەرجەستەی دەکەن، نەک لە ئەنجامی لێکدانەوە و شیکردنەوەوە. زیاتریش، ئەو جۆرە باوەڕەیە کە دەستی بە خوێنی نەیاری خۆی سوورە... کە باوەڕ پیرۆز دەبێ، ئیدی دەبێ بە ئاین و کاتێکیش بوو بە ئاین، مەزەبی لێ دەکەوێتەوە بۆیە ئەوەی ئەو مەزەبانە بە یەکتری دەکەن، هیچ دژەباوەڕێک پێیان ناکا.

مامۆستا حەکیم، وەڵامێکی پڕ و هەمەلایەنەی پێدام و دەرفەتی پرسیارکردنی نەهێشتەوە. ئەمجار پرسیم، کەواتە مەسعوود محەمەد لەڕووی سیاسییەوە خاوەن چ فکرێک بووە؟

لە وەڵامدا وتی: کاک زامدار کە ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبمەوە، هەرچۆنێ بێ، پەلەقاژەیەک دەکەم. قامووس و مەوسووعە و گووگلیش، جگە لە کتێبی هەمەجۆر، وەک دێوی ناو چراکەی عەلائەددین، چۆن لە خزمەتی ئێوەدان، ئاوهاش دەست لەسەر سینگ لە خزمەتی مندا وەستاوون و دەچنە پاڵ ئەو زانیاریانەی کە کەم یا زۆر کۆم کردوونەتەوە و لە خەیاڵمدان، بەڵام و هەزار بەڵام، کە باس دێتە سەر مەسعوود محەممەد، نەخوێندەوارێکی سەد ساڵ پێش ئێستام. "مێروولەیەکی سەر گەڵایەکم و لە ناوەڕاستی ئۆقیانووسێکدا سەرگەردانم" نە دەزانم خوار کوێیە و نە دەزانم ژوور کامەیە!.

بەڵام دەتوانم بڵێم: مامۆستا، پیاوێکی ئاشتیخواز بوو و تا بیر بۆی دەچێ دژی خوێنڕشتن بوو. پێی خۆش بوو کێشەی نێوان کورد و بەغدا بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و لێکحاڵیبوون چارەسەر بکرابا و کەس دەست بۆ چەک نەبا. لەو بوارەشدا زۆری هەوڵ دا. دەبینین لە کاتی شەڕدا ڕۆڵی دیار نییە بەڵام لە کاتی هەوڵداندا بۆ ئاشتی، هاتۆتە مەیدان و بووە بە ئەندامی شاندی گفتوگۆ و پۆستی وەزارتی وەرگرتووە. هەر لە کاتی گفتوگۆی کورد و بەغداشدا ئەو ڕۆڵەی بینی کە لە کۆڕی زانیاریی کورددا بینی. وەک من تێیگەیشتبم، لە بواری سیاسەتدا پیاوێکی نەتەوەیی واقعی بوو و

دروشـــمدان و تونـــدوتیژیی بە لاوە هەرزەکـــارانە بـــوو. هەســـتی نەتەوایەتـــی، نەک هەر بەهێـــز بـــوو، بگـــرە بـــۆ نەتەوەییەکـــان سەرچاوەش بوو، بەڵام تا ئەو ئاستە نەبوو خراپی کورد لە چاکی میللەتـان بە چـاکتر بزانـێ و بەرەو ڕەگەزپەرستی هەنگـاو بنێ. ئەو هەستی نەتەوەیی هەبوو لەبەر ئەوەی نەتەوەکەی زوڵملێکراو بوو. لە کـاتی کێشـە و هەرای نێـوان دوو بەرەی کوردیشـدا، هەر ئەوەی پێ دەکرا دەستوودامانی لایەنە بەشـەڕهاتووەکان بکەوێ و شـین بۆ شەهیدانیان بگێڕێ.

لەبەرخۆمـەوە وتـم: قبوڵـە.. باشـە، مامۆسـتای هێـژا و سـەنگین، تێگەیشتنی ئێوە بۆ بیری فەلسـەفە لای مەسعوود مـحەمەد چییـە و چۆنـە؟ بەپەلـە فـەرمووی: کـاک زامـدار، ئاســان نیـیە لە ڕووی فەلسـەفییەوە بیـری مامۆسـتا مەسـعوود مـحەمەد شـی بکەیـنەوە، چـونکە ڕوانـگەی ئەو فـرەلایەن و فرەڕەهەنـد بـوو و لە زۆر بـواردا ئەسـپی خـۆی تـاو داوە. ئەو، مرۆڤـی بە لاوە هەرە بـاڵا و هەرە پیـرۆزی کەون بـوو، ئەوەش بەرانـبەر ڕوانـگەی ڕووکەشـی ئـاین و چەپـایەتی ماتریـالانە، ناتەبـا دەوەسـتێتەوە. مـرۆڤ، لەگەڵ هەمـوو خەسـڵەتە چـاک و بەدەکانیـدا، بە لای ئەوەوە، کرۆکـی باسـە. کـاتێ نووسـەرێکی عـارەب بـوونی شـەیتان بە پێویسـت دەزانـێ بۆ ئەوەی مرۆ خەتاکانی خۆی بخاتە ئەستۆی و ڕقی خۆی پێ بەتـاڵ بکـاتەوە، ئەو بیـر لە نەبـوونی شـەیتان دەکـاتەوە و لەوەش بەئاگـادێتەوە کە ڕەتکردنەوەی شەیتان دژ وەستانەوەی ئاینە ئسمانییەکانە! لە هەمان کاتـدا، شـەیتان دەبێـتە بـزنە بەڵاگەردانەکەی جـوولەکە کە گونـاحی

خۆیانی لێ بار دەکەن و بەرەڵای بیابانی دەکەن... بەوساش خاوێن دەبنەوە و ویژدانیشیان ئاسوودە!
وردە وردە پرسیارەکانم لەبارەی مەسعوود محەممەدەوە زیاتر دەبوو، پرسیم: مامۆستا حەکیم ئێوە ڕۆڵی مەسعوود محەمەد لە کۆڕی زانیاریی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ یا چۆنی دەبینن؟
لە وەڵامدا وتی: ئەگەر بڵێم تاکە بەرهەمی ئیجابی گفتوگۆی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ بەغدادا، پێکهێنانی کۆڕی زانیارییە، ڕەنگە غەدرم لە کەس نەکردبێ. کۆڕی زانیاری، کە مامۆستا مەسعوود محەمەد تیایدا ئەندامی کارا بوو، دەرفەتێک بوو بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی یا با بڵێین دیوەخانێک بوو کوردیزانەکانی تێدا گرد بوونەوە: شوکور مستەفا و هەژار و هێمن و عەلائەددین سەججادی و کاکە حەمەی مەلا کەریم و د. کەمال مەزهەر و مامۆستا خۆی و زۆری تر، جگە لەوەی شاعیر و چیرۆکنووسە گەنجەکانی ئەو دەمە تیایدا کاریان دەکرد و بەرهەمیان بڵاو دەکرایەوە. ئەوجا گەیاندنی دەنگی جەمال نەبەز و عەرەبی شەممۆ و زۆری تر بە خوێنەران. ئەگەر گۆڤاری ئەو دەمەی کۆڕ بە باڵای هەر گۆڤارێکی تر بگرین یا بەراوردی بکەین، دەبینین چ خزمەتێکی بێوێنەی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە. مامۆستا مەسعوود محەمەد لە دامەزراندنی کۆڕەوە، بە ڕاستی هاتە مەیدان و نووسینە بەرزەکانی بڵاو کردنەوە... (گەشتی ژیانم) و (مرۆڤ و دەوروبەر) و سێ بەرگی حاجی قادری کۆیی و (إعادة التوازن الی میزان مختل)ی لەوێ

نووسـین. خـۆی لە دیدارێکـدا دەڵـێ: ڕقـابە هەقـی بە سـەرمانەوە نەبوو... من دەمنووسی و چاپخانە چاپی دەکرد.
کۆڕی زانیاری گەورەترین دەسـتکەوت و باشـترین دەرفەت بوو بۆ خزمەتـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی و ئەوە مامۆسـتا مەسـعوود محەمەد بوو کە ئەو دەرفەتەی بە جوانترین شـێوە قۆسـتەوە و بۆ خزمەتی زمان و فکری کورد خستیە کار... شاسواری مەیدانەکەش مامۆستا مەسعوود محەمەد بوو.
بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکان ببیستم، پرسیاری دیکەم بۆ دروست دەبـوو، وەلـێ بـەهۆی هەڵکشـانی تەمـەنی و نەخۆشـییەکەیەوە نەمدەویسـت زۆر مانـدووی بکـەم، ئـەم باسـەم لـەبارەی مەسـعوود محەمەد بەکۆتا هێنا.
مامۆسـتا حـەکیم، بـانگی (ڕاز)ی کچـی کـرد، ئـەویش هـات و چەنـد پەڕەیـەک کـە وێنـەی لەسـەر کێشـرابوو لەگـەڵ خـۆی هێنـای و ڕوونکردنەوەی بۆ وێنەکانی دەکرد، کە بە چ هۆکار و چ ئامـانج و چ ڕوانینێـک ئـەو وێنانـەی کێشـاوە! لـەوێ دونیایـەکی دیکـە هـەبوو! کچێکی بچـووک، زادەی کاکەوەیسـە، هـەر شـتی بـاڵای لـێ چاوەڕێ دەکرێ!
مامۆسـتا حـەکیم، بـە دیمـەن لەبـەرچاوان ون بـوو، وەلـێ نێـو و ڕوخسـار و بەرهەمـەکانی هەمیشـە لەبەرچاوانـە... هەژار موکریـانی وتەنی:

خەبەریـان پێدام تـۆ مـردووی
بە دیمەن لە بەرچاو ون بووی
مـــن دەزانـــم تـــۆ نـــامری
تـــۆ لە مردنـــی بەهێزتـــری